## مەرکەزی حیمایەت لە ژنان (Krisesenteret)- پێشنیارێک و پەناگایێک بۆ ژنان

-----------------------------------------------------------------------

### کاتێک ماڵتان مەیدانی شەڕ و زولم لێکرانە

بۆ زۆر لە ژنان ماڵ و کانگای خانەوادە بۆتە مەیدانی زولم و زۆر لێکردران.
ژن لە ماڵەوە سەرکوت دەکرێت ، مافەکانی لە ژێر پێ دەخسترێت، زۆری لێ دەکرێت و دەشکێندرێت.

شێوە کانی زولم و زۆر جۆراوجۆرن . سەرکوت کردن لە ماڵ دا دەتوانی بە شێوەی شەڕ ولێدان (فیزیکی یان جیسمی) بێت یان بە شێوەی عەزابی رووحی و ترساندن و هەڕەشە کردن بێت. هێندێک جار دەستدرێژی کردنی نامووسی و دەست تێکەل کردنی بەبێ رەزا و ویستی ژنان و یان دەست داگرتن بە سەر پوول و ئیمکانات کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان بەستراوەی دەستی پیاوەکانیان بن.
هەڵدەکەوێت کە ئەو زولم و فیشارەش بنەڕەتی و دامەزراوە لە بنەماڵە دا.

گەر تۆ هەست دەکەیت کە پێویستیت بە کەسێک هەیە کە تۆ بتوانی قسەی لە گەڵ بکەیت، کەسێک کە تۆ لێی دڵنیا بی و ئیتمینانی پێ بکەیت. ئەوا ئیمە لێرەین بۆ تۆ.
ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی یارمەتیتان پێ بکەین.

### چیمان لە دەست دێ بۆ تۆ؟

کاتێک کە تۆ پێویستیت بە یارمەتی لە لایەن ئیمەوە هەیە، ئێمە دەتوانین ئەو کارانەتان بۆ بکەین:

× ماڵێک و خانوویەکی کاتی و مووەقەتی بۆ خۆت و مناڵەکانت
× کەسێک کە گوێ لە دەردی دڵی تۆ ڕادەگرێ
× ئیتلاعات و زانیاری لە بارەی مافەکان و ئیمکاناتێک کە تۆ هەتە و دەتوانی داوایان بکەی
× یارمەتی دان بۆ ئەوەی تەماس لە گەڵ دوکتور، وەکیل ، پولیس ، ئیدارەی سوسیال و شوێنەکانی دیکەی پێویست بکەی.
× هاوکاری و پشتگری کردن لە کارەکانت دا کاتێک تۆ پێویستیت هەیە.
× چاوەدێری و پشتگری درێژماوە لەسەر ویست و نیازی خۆت.
× پێشنیارو یارمەتی و بەرنامەی جۆراجۆر بۆ خۆت و مناڵەکانت.

بەرێوەبەری ژیانی خۆت ئەرکی سەرشانی خۆتە. ئەرکی سەر شانی ئێمە یارمەتی کردن و رێنوێنی و پێدانی ئیتلاعاتی پێویستە هەتا تۆ بتوانی بەرنامەی ژیانی خۆت دابمەزرێنی. ئێمە هەر ئەو چەند هەنگاوەی خۆت دەتهەوێ لە گەڵت هەڵدەگرین.
ئێمە هیچ کات بریار و تەسمیم بۆ تۆ ناگرین. ئەتۆ بۆ خۆت ساحێبی ئیختیاری.

### تازە هاتوویە نۆروێژێ؟

گەلێک جاران ئێمە یارمەتی ژنانێک کە لە وولاتەکانی دیکە ڕاهاتوون دەکەین.
کە تۆش پێویستیت بە رێنوێنی و هاوکاری هەیە بۆ ئەوەی ئاشنای مافەکان و حەققەکانی خۆت لە نۆروێژ دا بی، ئێمە ئامادەین هاوکاری و یارمەتیت بدەین.

### کۆمەک کردن بۆ ئەوەی تۆ خۆت فێری یارمەتی دان بە خۆت بی.

ئەساسی کاری ئێمە ئەوەیە کە یارمەتیت بکەین هەتا تۆ ئەو پێویستی و یارمەتیەی ئیحتیاجیت پێی هەیە وەربگری و بۆ خۆت بتوانی فێری کارەکان و ئەرکەکانی خۆت بی و ژیانێکی موستەقیل و سەربەخۆت هەبێ.

### ئەرکی بێ دەنگی و رازداری

هەموو کارمەندەکان و ئیدارەکانی کریسەسە نترەکان ئەرکی رازداریان لە سەر شانە و هیچ کەس ناتوانێ رازی ئێوە بۆ کەسێکی دیکە باس بکا.